## سێكس دەكرێت سەرەتا بێت، نەك كۆتایی

## نووسینی: ئۆشۆ

پرسیار: هەتا گەر هەندێك هەست و نەستی شێوە عاشقانەیی لە دڵی مندا سەریان هەڵدا، دەستبەجێ من ئەو هەستەم لە لا دروست دەبێت كە ئەوەیان بە هیچ شێوەیەك خۆشەویستی نییە. وا مەزەندە دەكەم كە ئەوەیان جۆرێكە لە حەز و ئارەزووی من بۆ سێكس و هەوا و هەوەس.
وەڵام: گریمان وایە.. ئەوەیان چ گوناهێكی تێدایە؟ هەر دەبێت خۆشەویستی لە هەوەس و ئارەزووی سێكسییەوە سەرچاوە بگرێت، چ تاوانێك لەوەدایە تۆ حەزی پەڕینت هەبێت؟ ئەگەر تۆ خۆت لەو حەز و ئارەزووە بەدوور بگریت، ئەوسا خۆت لە هەر هەموو ئەگەرێكی خۆشەویستی دوور دەكەویتەوە. ئەوە راستە كە خۆشەویستی بە تەنها شەهوەتێك نییە، بەڵام خۆشەویستی بێ هەوەس و ئارەزووی ئاوێتەبوون نییە لە تەك ئەویدیكەدا. هەڵبەتە خۆشەویستی باڵاترە لە سێكس و هەوەسبازی..بەڵێ، بەڵام ئەگەر تۆ ئەو نەوسنی و ئارەزووەت لە خۆتدا كوشت و بنەبڕت كرد، ئەوسا تۆ هەموو ئەگەرێكی پشكوتنی گوڵێك دەكوژیت كە رەنگە لە ناو ئەو قوڕ و چڵپاوەدا سەر دەربێنێت و شكۆفە بكات. خۆشەویستی گوڵی لۆتس 'شلێری ئاویی'ە، هەوەس ئەو قوڕاوەیە كە ئەو گوڵە دەگەشێنێتەوە.
ئەوەیانت لە یاد بێت، دەنا بە هەموو ژیانت بە خۆشەویستی شاد نابیت. لە باشترین حاڵەتدا..تۆ وای دەنوێنیت كە بازت بەسەر هەوا و هەوەسدا داوە، تۆ بە تەنها هەوڵت داوە كپی بكەیت. دیارە كپكردن و خنكاندنی ئەو حەز و ئارەزووە پتر ژەهراویت دەكات. بە ناو هەموو سیستم و پێكهاتەی رۆح و لەشتدا دەتەنێتەوە و هەموو بوونیات تێكدەدات. كە هەوەس و ئارەزووی سێكسی بگۆڕێت بە خۆشەویستی، ئەوسا تۆ دەگەشێیتەوە و پڕ دەبیت لە رۆشنایی و پرتە و باق و بریق. وا هەست دەكەیت داگیرساویت، هەر وەك ئەوە وایە كە تۆ توانای فڕینت هەبێت و باڵەكانت لێ دەڕوێن. بەڵام بەو هەموو هەوا و هەوەسە كپ و خنكاوەوە قورستر دەبیت هەر وەك ئەوەی بارێكی گران بەسەر شانتەوە بێت، یان گاشەبەردێكی گەورۆنە بە ملتەوە بەسترابێت. كە شەهوەتی نەوسنت وەردەگەڕێت بە خۆشەویستی، ئەوسا دەكرێت بڵێیت تۆ ئەزموون و تاقیكردنەوەی بوونی خۆت پڕیوە.
بیرت نەچێت كە تۆ كەرەستەیەكی خاوت خراوەتە بەر دەست تاوەكو كاری پێبكەیت، لەپێناو ئەوەدایە كە تۆ داهێنەر بیت. سێكس یان هەوەس بۆ خۆی كەرەستە خاوەكەیە.
من گوێبیستی ئەوە بووم....
'بێركۆتز' و 'میكائیلسن' هەر بە تەنها لە دونیای بازاڕدا هاوبەش نەبوون، بەڵكو بە درێژایی ژیان دوو برادەری زۆر نزیكی یەكدی بوون، پەیمانێكیان بەستبوو: پەیمانەكەش لەوەدا بەرجەستە ببوو كە هەر كامەیان پێشتر مرد بەڵێنی ئەوە بدات كە بگەڕێتەوە بۆ لای هاوڕێكەی تاوەكو باس لە هەموو ئەو شتانە بكات كە لە ئاسمان و بەهەشتدا دەگوزەرێن.
شەش مانگ دواتر، بێركۆتز مرد. پیاوێكی زۆر چاك و رەوشتپارێز بوو، تا رادەیەك لە پیر و پەیامبەران دەچوو، یەكێك بوو لە پاكخوازەكان كە دەكاتە شوێنكەوتووی رێبازی 'پیوریتانی' كە هەرگیز گوناهێكی گەورەی نەكردبوو، كە بۆ هەمیشە زەندەقی لە هەوەس و سێكس چووبوو.
میكائیلسن ــ یش چاوەڕوانی برادەرە زێدە خۆشەویست و پاك و پیرۆزەكەی خۆی دەكرد، چاوەڕوانی ئاماژە و هێمایەك كە بەڵگە بێت دۆستە كۆچكردووەكەی گەڕاوەتەوە سەر زەوی، میكائیل ــ ی بێ ئۆقرە و حەجمان زۆر بە تاسەوە ئومێدەوار بوو كە پەیامێك لە بێركۆتز ــ ەوە بگات.
دوای یەك ساڵ لە مەرگی، بێركۆتز هاوڕێكەی خۆی دواند. درەنگی شەو بوو، میكائیل لە ناو پێخەفەكەیدا بوو.
دەنگێك هاتە گوێی:
* ' میكائیلسن.. میكائیلسن.'
- 'ئەوە تۆیت..بێركۆتز؟'
* 'بەڵێ.'
- 'پێم بڵێ لەو شوێنەی تۆدا چی دەگوزەرێت؟'
* ' راستی.. نانی بەیانی دەخۆین و پاشان جووت دەبین، دواتر نانی نیوەڕۆ و دیسانەوە هەمان بەزمە و جووت دەبینەوە، بۆ نانی شێوانیش كە تێر بووین هەمدیس هەمان تاس و حەمامە و دەپەڕین.'
میكائیلسن پرسی: ' بۆچی بەهەشت ئاواهییە؟'
بێركۆتز لە وەڵامدا وتی: 'بۆچی كەسێكی دیكە سەبارەت بە بەهەشت هیچی دیكەی پێ وتوویت؟ من لە هاوینەهەواری ــ وسكۆنسن ــ م..وەك 'گا'م لێهاتووە.'
ئەوەت لە یاد نەچێت كە هەموو ئەو كەسانەی حەز و ئارەزووەكانیان كپ دەكەن و دەیمرێنن هەر وایان بەسەر دێت. لەوە دەچێت هیچ شتێكی دیكە روو نەدات چونكە هەر هەموو وزە و هێزی خنكێندراو دەبێت بە بارگرانی و بەرەو كەمی و سووكی و پووچی رادەكێشێت. ئەو كاتە دەگەیتە نزمترین ئاست و قۆناغ لە بوونی خۆت.

ئەگەر خۆشەویستی لە هەوا و هەوەسەوە سەرچاوە بگرێت، تۆ دەگەیتە بەرزترین ئاست و قۆناغی بوونی خۆت. کەواتە بیرت بکەوێتەوە ـ ئاخۆ تۆ دەخوازیت ببیت بە چی، بوودا یان جوانەگا، ئەوەیان لەسەر تۆ بەندە. ئەگەر دەخوازیت وەك 'بوودا' بیت، پێویست ناکات لە سێکس بترسیت. پرۆ ناوی و باش بیناسە، پتر و پتر هۆشیاریت بەرامبەری هەبێت. بەڵام وریا بە کە وزە و هێزێکی زۆر گرنگ و بەهادارە. بیکە بە بابەتی تێرامان و مێدیتاسیۆن و هێدی هێدی بیگۆرە بە خۆشەویستی. وەك ئەڵماس وایە و کەرەستەی خاوی بەردەستتە. ئەڵماس ئاسا پێوستی بە برین هەیە، وا چاکترە پۆلیشی بکەیت، ئەوسا دەبێت بە شتێکی گەوهەردار و بەنرخ. ئەگەر کەسێك وەك بەردێکی ئاسایی پارچە ئەڵماسێکی سروشتی بێ پۆلیش و پۆخڵ و نەپراوت بداتێ، لەوانەیە هەر هەستیشی پێنەکەیت کە ئەڵماسە. هەتا 'کۆهینوور'یش کە بە نرخترین گەورەترین جۆری ئەڵماسە لە دۆخی ئاسایی خۆیدا وەك کەرەستەیەکی خاو دەردەکەوێت و هیچ بەهایەکی نییە.
هەوەس بۆ خۆی 'کۆهینوور'ە، مەرجە پاکی بکەیتەوە و مشتومالی بکەیت و تێی بگەیت.
لەوە دەچێت خاوەن پرسیار لە رکابەر و قاندرەکەی بترسێت ئەو کاتەی دەڵێت: 'ئەو حەز و هەوەسە شاراوەی من عەودالبوونی منە بۆ سێکس.'
ئەم رستەیە لە ناوئاخندا هەڵگری سەرزەنشتکردن و خۆ تاوانبارکردنە. ئەوەش هیچ گوناهێکی تێدا نییە کە مرۆڤ بۆ خۆی گیاندارێکی سێکسییە. ئیتر ئەوە ئێمەین. هەر ئەوەش وای کردووە ئێمە هەبین و زیندەگی بکەین و ناوی بنێین ژیان. ئێمە هەر بەم شێوەیە خۆمان لێرە دۆزییەوە. بچۆرە ناوی، بەبێ ئەو گەمە و گەشتە تۆ ناتوانیت هەوەس و سێکس بگۆریت بە خۆشەویستی. من بە تەنها باس لە تێوەگلان و گەمەیەکی کورتخایەن ناکەم، من هانت دەدەم کە خۆتی تێفرێ بدەیت و لە قووڵاییەکەدا مەلە بکەیت، وزە و هێزی تێرامانت هەبێت بۆ تێگەیشتن کە ئەوەی سەرگەرمی کردوویت چییە و دەتگەیێنیت بە کوێ. هەر دەبێت شتێکی مەزن و بەهادار بێت چونکە تۆ زادەی ئەو پەیوەندییەیت، چونکە هەر هەموو بوون چێژی لێدەبینێت نەك بە تەنها تۆ، چونکە هەموو بوون بۆ خۆی واتا سێکسوال و هەوا و هەوەس و ئارەزوو.
سێکس رێگا و رەوتێکە کە یەزدان خۆی هەڵیبژاردووە تاوەکو ژیانی ئێمەی پێ پرازێنێتەوە لە جیهاندا.
هیچ رێگایەك نییە بۆ هاتنە ناو ژیان بە بێ تێپەرین بەو وزە و هێزەی کە خۆی لە سێکسدا بەرجەستە دەکات.
لە راستیدا لەش هیچ یاسایەکی دیکە ناناسێت. هەڵبەتە سروشت بەسەر یەکەوە گشتگیرە. لەوەشدا پروای بە هیچ هەڵاوێردن و جیاکاری و شازبوونێك نییە، بواری پەرجووی تێدا نییە. تۆ لە سێکسەوە پەیدا بوویت و پریت لە وزەی سێکسی، بەڵام ئەوەیان نە کۆتایی شتەکانە و نە مەبەستی سەرەکی. سێکس بۆ خۆی دەکرێت سەرەتا بێت، بەڵام نەك کۆتایی.
سێ جۆر خەڵکی هەن، یەکەمیان پروای وایە کە سێکس مەبەستی کۆتاییە. ئەو کەسانە هەموو خولیا و خەیاڵیان لای هەوا و هەوەسە و گیرۆدە بوون. ئەوەیان لە یادکردنی شتەکانی دیکەیە، سێکس سەرەتایە نەك کۆتایی. لەو لاوە خەڵکانێك هەن دژی ئەو تێوەگلانەن. کەسانێك هەن کە بەرەیەکی دیکە هەڵدەبژێرن..بەڵام بەوپەری زێدەرۆیی و توندرەوییەوە. ئەوان هەتا ئەوەش ناخوازن کە سێکس ببێت بە سەرەتا، هەر لەبەر ئەوە هەوڵ دەدەن کە بنەبری بکەن، بەو خۆ بە دوورگرتن و دایرانە خۆیان بێبەش و دایراو و بەدبەخت دەکەن. کوشتنی ئەو حەز و ئارەزووەش کوشتنی خۆیانە، وشك و سیس دەبن. هەر دوو بەرە گەوجن.
دیارە سێیەمین ئەگەری بیر و بۆچوونێك لە ئارادایە، ئەگەری بەردەمی هۆشمەندەکان، کە ژیان وەك خۆی بە قووڵی دەبینن. کە هیچ ئایدیۆلۆژیا و تیۆرەیەك ناهێنن بیسەپێنن بەسەر ژیاندا، ئەوانەی تەنها هەوڵێکیان ئەوەیە تێبگەن. کەسانێك هەن کە سێکس بە سەرەتا دەزانن نەك دوا مەبەست و کۆتایی هەموو شتەکان.
سێکس هەل و بوارێکە کە تۆ لە دوای ئەوەوە پتر پرۆیت و گەشە بکەیت و گەورەتر بیت ـ بەڵام مەرجە و ناچاریت کە پێیدا تێبپەریت.

**سەرچاوە:**

OSHO
Love, freedom, aloneness
St. Martin's Griffin
New York
Copyright: 2001
www.osho.com